


# به هاره بولبول

نووسين: س- ح له سنه

پێشه کی:

هۆنه ری مۆسیقا و گۆرانی دیارده یکی کۆنی له مێژووی کوردستان و جیهان هه یه. مۆسیقا و گۆرانی که ره سه ی هه ستی مرۆڤه.

مرۆڤ ساتێك به بێ مۆسیقا و گۆرانی ناتوانێ بژی. هه ر له سروشته وه بیگره هه تا قاسپه ی که و، ده نگی بولبول، خوڕه ی ئاوی کانی، بای شهماڵ و هتد.

مرۆڤ هه ر له سه ره تاوه به لاسایی کرنه وه ی ئه م خورسکه سروشتیانه که ڵکی له مۆسیق گرتووه. کۆنترین مۆسیقای مرۆڤ گۆرانییه.

ئه گه ر ئاوڕێك له مێژووی مۆسیقا بده ن ، به تایبه ت مۆسیقای کوردی ئه بێ له گاتاکانی زه رده شت ده ستی پێ بکه ن.

سرووده کانی گاتاکانی زه رده شت یه کێك له کۆنترین گۆرانی کوردیه. بۆ زانیاری زیاتر له سه ر مێژووی مۆسیقای کوردی کاك (حه مه ی حه مه باقی) نووسه ری به ناوبانگی کورد کتێبێکی له سه ر مێژووی مۆسیقای کوردی نووسیوه ، و له سه رده می پێش له دایك بوونی مه سێح هه تا ئێستا باسی کردووه.

لە م نووسراوە دا باسی گۆرانی بێژێکی دە نگ خۆش دە کە ین کە بە ساڵانی دوورو درێژ هە ر لە منداڵیە وە هە تا ئێستا خزمە تی بە گۆرانی و مۆسیقای کردووە. ئە ویش هۆنە رمە ند (نە جمە ی غوڵامی) یە.

هۆنە رمە ند نە جمە ی غوڵامی ساڵی١٣٣٧ هە تاوی بە رانبە ر بە ١٩٥٨ زائینی لە شاری (سنە) لە گە ڕە کی گوڵشە ن یە کێك لە گە ڕە کە کۆنە کانی ئە م شارە لە دایك بووە. هە ر لە منداڵیە وە خولیای گۆرانی گووتن بووە، لە سە رە تا بە گۆرانی گە ڕیان ڕیتمی حە وت لە سە ر هە شت کە لە سنە باوە ، دە ستی پێ کردووە. بە درێژایی تە مە نی لە گە ڵ هۆنە رمە ند کاك (عە باسی کە مە ندی) ئاشنا ئە بێ، و بە یارمە تی کاك عە باسی کە مە ندی لە کۆشکی لاوانی سنە یە کە م بە رهە می خوێ تۆمار دە کات. یە کێك لە تایبە تمە ندیە کانی هۆنە رمە ند نە جمە ی غوڵامی گووتنی گە ڕیانە، کە بە ڕاستی لە م شێوە ی گووتنە دا هە ستێکی جوان و هە ژێنە ری هە یە .پێشتر لە شاری سنە گۆرانی بێژانێك وە کوو: نە وبە ری، نە ورۆزی،عە لە وی، خە لێقی، باقرە سیا، حە مە کە چە ڵ لە ڕیتمی گە ڕیان شێوازێکی تایبە تیان هە بووە لە م گۆرانیە وتنە دا.
کاك نە جمە لە م کە سانە کە ڵکی وە رگرتووە، و زۆربە ی گۆرانیە کۆنە کانی شاری سنە بە شێوە ی ڕازاوە زیندووی کردووە.
بە دوای شۆڕشی گە لانی ئێران ، کە کوردستان بە دە ست پێشمە رگە بوو لە خۆپیشاندانە کانی شاری سنە چالاکانە بە شداری کردووە، و ئە و کاتە چە ندین سروودی شۆڕشگێڕانە لە شاری سنە تۆمار کرد.
بە دوای ئە وە ش لە شاخا وە ك مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ لە نێو کۆڕی بانگە وازی کۆمە ڵە ، لە گە ڵ هۆنە رمە ندان (ناسری رە زازی، کاڵی، مە رزیە) چە ندین سروودو گۆرانی تۆمار کرد.
دوای هاتنە دە رە وە لە شاخ لە هە ندە ران چالاکانە بە کاری هۆنە ری خوێ درێژە دا و لە بۆنە و جێژنە کان دا لە وڵاتانی ئۆروپا و ئامریکا و ئۆستralیا بە شداری کردووە. و دە نگی زۆڵالی هە تا هە تایە لە دڵی هە موو کوردان و ئە ویندارانی، ئە م هۆنە رمە ندە بە رزە هە ر بە ردە وامە .

لێرە دا گوڵبژێرێك لە گۆرانیە کانی ئە م هۆنە رمە ندە کە خۆم زیاتر گوێ لێ دە گرم ، پێشکە ش بە خوێنە رانی ئازیز دە کە م.



## ئاخ له یل و داخ له یل

ئاخ لـه یل و داخ لـه یل، لـه یلـی باوانم
لـه یلـی بـه خێر بێی سه ر چاوه کانم
ئێواره وه ختـه ڕان هاتـه ناو دێ
کیژو کوڕی لاو بـه جووت هاتنـه ناو دێ
ده س لـه ناو ده س، دوور لـه ئاوایی
گـه لێك ناخۆشه ده ردی جودایی
ئاخ لـه یل و داخ لـه یل ، لـه یلـی باوانم
بۆ دووری بالاّت ، لوێره چاوانم
لـه ڕێگا ده ركه وت، ئاو دێنێ بۆ ماڵ
چارۆكه ی تـه ڕی ده خشێ لـه خرخاڵ
ئاخ لـه یل و داخ لـه یل، لـه یلـی باوانم
بۆ دووری بالاّت، كوێره چاوانم

**شیعری : فۆلكلۆر**
**گووتنی: نه جمه ی غولامی**



## ئاگری کوردستان


من پشککۆییێك لـه و ئاگره م که ئاسنیش ئه تاوێنـێ
من دڵۆپێك لـه و بارانـه م که ده ریاییێك بـه دی دێنـێ
من شه ماڵم ئه و شه ماڵه ی پڕ لـه شنـه ی بـه سۆز و تـاو
ده مه و بـه هار بـه فری داگیرکه ری وڵات ده که م بـه ئاو
من ژیلـه مۆم ئه و ژیلـه مۆی دوای هه زاران ئاو لـێ پڙان
دیسانـه وه گڕ ده هاوێم ده یڵێمه وه گۆرانـی ژیان
کاتـێ ساوای باوك کوژراو فرمێسك ئه ڕژێنـێ بـه تـاسه
من بـه سۆزتر لـه و ئه سرینـه م ، بـه قینتـرم لـه و هه ناسه
من باوه ڕم ، بوومـه لـه رزه م، دڵـی زه وی  ده لـه رزێنـم
کێو و تـه لان لـه بن دێنم، هه موو جیهان ده هاژێنـم
من رووناکـی ئاسۆی ژینم، وه ك تـاو هه ڵدێم بۆ ژێرده ستان
من شۆڕشم ئاگره سووره م ، ئاگره سووره که ی کوردستان

**هۆنراوه: ڕه حیم لوقمانی**
**ئاوازی: نه جمه ی غوڵامی**

# ئاگری نه ورۆز

باڵام گشته کان له م کوردستانه
نه ورۆز به تاسه ی ئاگر بارانه
تاسه ی ئاگرێك به زمی شادی بێ
بۆ کورده واری به ئازادی بێ
هێشتا ئه و رۆژه ی نه هاتۆته پێش
جه ژنی بۆ بگرن چینی زه حمه تکێش
ده سا ئه ی چینی ده س و پێ سواو
کرێکارانی برسی و به ش خوراو
به ش مه ینه تانی خاوه ن هه ژاری
وه یلانی حوکمی سه رمایه داری
ساڵه های ساڵه ده ردت گرانه
به هاری شادیت زه ردی خه زانه
ئیتر با به س بێ سه ر دانه وانی
په ستی و بێ ده نگی دیلی و چه وساوی
ئیتر با به س بێ ژیانی سستی
گیرۆده ی یاسای کۆنه په ره ستی
ده سا هه ڵپه ڕن رۆژی هێزتانه
که شۆڕشی گه رمه له م کوردستانه
با خه باتی سوور ئاگر بستێنێ
دوا ڕۆژی ڕوون ئازادی بێنێ
ئاگرێ هه ڵکه ین قه ت نه کووژاوه
خۆشتر به رینتر له و ڕۆژه ی کاوه
هه موو کوردستان رووناك کاته وه
له گشت جیهاندا ده نگ بداته وه

هۆنراوه ی: نه که رۆز
ئاوازی: نه جمه ی غوڵامی



## ئه ره لاوه به رخه كه م

یان به گوڵباخی یان به گوڵه زه رده
یان به نازی خۆت بمكه په روه رده
ئه رێ لاوه به رخه كه م لاوه
بۆ دووری باڵات جه رگم بڕاوه
ده مه كه ت كانی ئاو لێ بخوارده م
سینه ت باخی به ی سه یری بكه رده م
ئه رێ لاوه به رخه كه م لاوه
داوای ماچم كرد زوڵفی دالاوه
ده مه كه و بێره ده م ده مانی بكه م
ده ستم تاڵانچی ناو مه مانی بكه م
ئه رێ لاوه به رخه كه م لاوه
ده مه كه و بێره ده سه كه و لاوه
غه می مه ریشه شه ریكی مه متم
شه ریك ورد، خاڵ ده وری ده متم
ئه رێ لاوه به رخه كه م لاوه
ده مه كه و بێره ده سه كه و لاوه

هۆنراوه ی: فۆلكلۆری ناوچه ی ئه رده ڵان
ئاوازی: نه جمه ی غوڵامی



## با هه موو جووتیار

با هه موو جووتیار و پاڵه و ڕه نجبه ران
یه ك گرن تا ده بنه هێزو پشتیوان
هه ڵگرن یه كسه ر دره وشمی هاوبه شی
بێ جیاوازی له سه ر ڕه مزو نیشان
هه ڵگرن پاچ و چه ك و بێڵ و قه ڵه م
هه ر له رۆشنبیر هه تا شوان و سه پان
باهه موو جووتیارو پاڵه و ڕه نجبه ران
یه ك گرن تا ده بنه هێزو پشتیوان
كاكی كولاك ده س له گه ردن هه ڵبه سێ
تا بڵێن ها! یه كیه تی ده ستی شكان
ئه رزو ئاو بۆ چینی جوتیارو هه ژار
به رهه می نۆش كا، وه كوو نۆشی گیان
باهه موو جوتیارو پاڵه و ڕه نجبه ران
یه ك گرن تا ده بنه هێزو پشتیوان
ئێوه شۆڕشگێڕ بن پێشره وتان هه یه
یه كیه تی چه ن كۆشكی شاهانی ڕمان
كۆمه ڵی سوشیالیزم بۆنیات بنن
تا وه كوو ببنه نموونه بۆ جیهان

**شیعری: مامۆستا قانع**

**ئاوازی: نه جمه ی غولامی**

**ئه م سرووده له خۆپیشاندانه كانی شاری سنه دژ به ڕه ژیمی شا تۆمار كراوه**



## بۆ ژيان ئه مرم

ئه ی مه لی وردیله ی ده نگ خۆش
بۆم بلێ ئاوازێك به جۆش
ئاوایێك بێ هه ی خوێن رشتن
نه غمه ی ئازادی و سه رکه وتن

من که سێکم بۆ ژيان ئه مرم
نه وه کوو بۆ مردن بژيم

به سته ی گه رم وه کوو هه تاو
هی هه ڵپه رکێ کۆڕی خوێناو
به سته ی گيان و دڵ هی ده روون
شيعری ئه وانه ی سه رکه وتوون

من که سێکم بۆ ژيان ئه مرم
نه وه کوو بۆ مردن بژيم

وه ك چنگی کارد خوێناوی بێ
وه ك خوێنی دڵ جۆشی تيابێ
باسی رۆژانی جاران بێ
دايه گيان مه گری وه ك جاران
ئيتر نابه نه وه ديسان
دڵنای به دوژمنه که م
من له زنجيری له پێ ئه که م

**ئه م گۆرانييه له سه رده می پێشمه رگه یاتيدا تۆمار کراوه.**

## بە ژن رێک

مە قام:
گیانە من بولبول ، تۆش گوڵ خۆنچە بووی
شای نە و جە وانی و لار و لە نجە بووی
خزمە تت کردم لە ناو لانکی دڵ
لای لایە ت کردم بە سۆزی بە کوڵ
بە فرمێسکی سوور بە شە و بێداری
لە لای تۆ فێر بووم دە رسی دڵداری
کە چی چە رخی چە پ تۆی لێ فڕانم
رە نجە رۆی کردم ماڵی وێرانم

بە ستە:

ئە ی بە ژن رێك لە نجە جوان خاوە ن سرێ شێوە ت پە ری

بۆ نیگایە ك وێڵ و شە یدام باغی شیعرم هە ڵوە ری

هە ر ئە وە ندە م دیوە چاوت وا لە ژێر برژانگی ڕە ش

وە ك گە لاوێژ شوێن ئە بە ستن ، بۆ سرێنجت ئاڵ و گە ش

تیشکی رووت کاتێ لە دە ریای وردی ئە ندیشە م ئە دا

خشڵی شیعرم وا ئە ڕازی بووکی هە ر جوانتر ئە کا

وە ك پە پوولە گیانی تینووم بۆ قۆمی عە تری نیگات

دێت و دە ڕوا هە ر شنە ی دێ تا برژانگت بگات

**شیعری: حە مە عە زیز**

**ئاوازی: نە جمە ی غوڵامی**

# به‌ هاره‌ بولبول

به هاره بولبول، بولبول به هاره
سه ره تای ناڵه ی سه ودایی زاره
وه ره بناڵین به جووت له شه ودا
ئێمه شه و بێدار بێ خه م له خه ودا
وابه ری به یان سۆیده ی نواند
ته م و تاریکی له گوڵشه ن رواند
ده شت و کێو هه مووی به گوڵ خه ملێوه
به رگی بووکێنی تازه ی پۆشیوه
هه وری به هاری له گه ردو خول دا
چیمه ن گه ردانه ی شه ونم له مل دا
لاگیره ی زێڕ له قه تاره ی گوڵزار
هه یاسه ی پشت له زنجیره ی رووبار
به ڕاز پرچی په خشان کردووه
نێرگز به په نجه ی یادی له یلا خان
روو پۆشی لادا سه رمه ست و خه ندان
مه لان ده چنه سه لقی دره ختان
هه ر یه ك ئاوازێ ده ڵێن بۆ به یان
پوڕ به کناچه  قومری به ئاواز
بوون به دوو یاری هاوده م و هاوراز

**ئاوازی: نه جمه ی غولامی**

## به هاری کورده واری

به هاری کورده واری خه م ره وێنه
که ژو لاپاڵ و نواڵه ی دڵڕفێنه
به سروه گوڵ هه موو خه ملێوه ئه مڕۆ
به هاری من ئه تۆی چاوان هه ڵێنه
به هاری ئێمه دێ و خونچه ده خه مڵێ
به رو ده شت و چیا گشتی دڕه نگێ
له گه ڵ یاری به تاسه ی دووره زێدم
ده چینه سه یری نواڵه و مێرگ و پڕوێ
ئه وه نه ورۆزه خه ملێوه که ژو کۆ
ئه تۆ پێت وایه من چۆنم به بێ تۆ
خه مینم لێو به بارم دڵ شکاوم
له ناخی جه رگ و دڵ هه ڵده ستێ بۆ سۆ
وه کوو کوێستانی ته م گرتووی وڵاتم
به شه وگاری خه مان دا ماو و ماتم
به ڵام نووری همێدم هه ر له دڵ دا
هه تا هه م چاوه ڕوانی رۆژ هه ڵاتم

**ئه م گۆرانییه له به رهه می (سنه) تۆمار کراوه.**



## پایز پایز (١)

پایز پایز
کە تۆ هاتی
هە وارگە ی دڵ پڕ لە گریانە
بارانی تۆ، گریانی من
گە ڵارێزانە

پایز پایز
کە تۆ هاتی
لە دە ستم چوو گوڵی زە مانە
گوڵێکی سوور
تە ڵێ نێرگز
چڵی رە یحانە

پایز پایز
کە تۆ هاتی
هە ناسە م سارد چە لی زریانە
لێم تاریوە مە لی ئە وین
ئە گریٚ بە هانە

پایز پایز
کە تۆ هاتی
بسکی یارم پە رێشانە
چاوانی گە ش
خە م داگرتوو
لە جێژوانە

**(ئاوازی: نە جمە ی غوڵامی)**

## پایز پایز (٢)

پایز! پایز!
بووکی قژ زه رد
من مات تۆ زیز
هه ردوو هاوده رد
من فرمێسکم، تۆ بارانت
من هه ناسه م تۆ نای ساردت
من خه م، تۆ هه وری گریانت
دوایی نایه دادم دادت

پایز! پایز!
گه ڵارێزانت
هه وری ماتی ئاسمانت
له به ر کزه ی بای سه ر ته زێن
له گه ڵ گه ڵای دره ختا ئه ژین
به ڵام قورسه زۆر به جۆشه
دۆزه خێکم کوا له جۆشه

پایز! پایز!
شان و مل رووت
من مات، تۆ زیز
هه ر دوو کمان جووت
هه رچه ند گوڵ سیس ئه بێ بگرین
ئاڵتونی دار ئه ڕژێ بگرین
پۆلی باڵدار ئه فرێ بگرین
بگرین... بگرین... چاومان نه سڕین
هه رگیز، هه رگیز
پایز! پایز!

**شیعری: مامۆستا گۆران**
**ئاوازی: نه جمه ی غوڵامی**

## پیری موغان

لە دە وری پیری مە یخانە
سە دایی موتریبان بابێ
لە تاریکی شە وی هیجران
چرای دە فعی غە مان بابێ

لە ناو بە زمی حە ریفانا
لە زومرە ی بە زمی رندانا
لە ناڵینی غە ریبانا
دە وای دە ردی دڵان بابێ

لە بە ر ناڵە و حە زینی من
لە بە ر شین و گرینی من
لە بە ر دە ردی برینی من
نە سیمی هە مزبان بابێ

غوڵامی سە روی باڵاتم
ئە سیری زولفی تاتام
شە هیدی چاوی شالاتم
قرانی عاشقان بابێ

له هیجرانی خه زان تاکه ی
به ئومێدی گوڵان تاکه ی
له نه غمه ی بولبلان تاکه ی
ده با فه سڵی گوڵان بابێ

زه مانه به زمی رندانه
بده ساقی به په یمانه
له به ر ته عزیمی مه یخانه
بڵێن پیری موغان بابێ

نه ماوه حاڵه ت وژینم
له ده ست چوو رۆحی شیرینم
ره فیقان بێن بکه ن شینم
سه دای گریه و فوغان بابێ

**شیعری: تاهیر به گی جاف**

**ئاوازی: نه جمه ی غوڵامی**

# تایه ک له زوڵفت

هه ی لـه لـه نجه و لاری

لـه چاوی بـه خوماری

تاقانـه کـه ی دایك و بابـی

بۆچ لـه من بێزاری

ئـه ی لـه ده ستم نـایـه

وه ك کـه و بخوێنم

ئـه و کیژه جوانـه

لـه ماڵ ده ربێنم

ئـه ی تـایـه ك لـه زوڵفت

هات بـه ده ستمـه وه

بـه ندی دڵ ده پسێ

پێی ده بـه ستمـه وه

**شیعری: فۆلکلۆر**

**ئه م گۆرانییه له بنه ڕه ت دا (محه مه دی ماملێ) گووتیه تی**

# دایه گیان

دایه گیان بگری لـه سه ر خاكم كه وا شینم ده وێ
زۆر بگریه دایه گیان فرمێسكی خوێنینم ده وێ
من گوڵی سه د ئاره زووی ژینم لـه خاكا خه وتووه
خاكی مه یدانی خه بات ره نگینی خوێنی من بووه
دامه نیشه دایه گیان بۆ هاتنی من چاوه ڕێ
دڵنیا به، به سیه تی بۆ ده نگی ده رگا مه گره گوێ
دایه گیان سێندم به فرمێسكی گه ش و ئێشی دڵت
دایه گیان سوێندم به جه ور و مه ینه تی بێ حاسڵت
من ده مێكه جه رگی سوتاندوم هه ناسه ی سه ردی گه ل
دڵپڕی كردوم خه می ده سكورتی و ره نگ زه ردی گه ل
من كوڕی كوردی شه هیدی ڕێی خه باتم دایه گیان
كۆتری خوێنین په ڕی باخی وڵاتم دایه گیان
هه ر وه كوو بێگانه ێی دڵپڕ لـه ناكامی و گری
لـه م هه موو ده سته، نه بوو ده ستێ، كه بێ و ده ستم گرێ
من لـه شاری خۆم غه ریب و بۆ هه موو بێگانه خۆم
كۆتری كوژراوی ڕێگه ی لانه خۆم، بێ لانه خۆم
دایه گیان بگری لـه سه ر خاكم كه وا شینم ده وێ
زۆر بگیه دایه گیان فرمێسكی خوێنینم ده وێ
دایه گیان ئـه و كیژه وا ئـه تویس به بووكی تۆ ببێت
خۆت بده به پیشانی جارێ با به هیوای من نه بێت
تاكوو بتبینێ كه ڕه ش پۆشی لـه سه رتاپاته وه
به ڵكوو بڕوا دڵنیا بێ و من لـه بیره و باته وه
دایه گیان بگری لـه سه ر خاكم كه وا شینم ده وێ
زۆر بگریه دایه گیان فرمێسكی خوێنینم ده وێ

**شیعری: مامۆستا شه ریف**
**ئاوازی : نه جمه ی غوڵامی**

## دڵم ته نگه

دڵم تـه نگـه وه كوو خونچـه ی ده مـی تۆ
سـه رم گێژه لـه گێژی پـه رچـه مـی تۆ
دڵ و گیان و ژیانم دا بـه ماچێك
وتت پێك نایه زۆری من كـه مـی تۆ
لـه چـه شنـی ئاگرن كوڵمـی گـه شـی تۆ
لـه مار ئـه ستـه مترن پرچـی ڕه شـی تۆ
بلێم وه ك چی ده چی، هـه ر گوڵ ده زانم
لـه گوڵ ناسكتره ناسك لـه شـی تۆ
لـه گواره ی پڕپـه ره نگ دڵ پڕ پـه ره نگم
چـه ماوی بـه ژن و باڵای شۆخ و شـه نگم
لـه سـه ر سینگی سپی چاوم سپی بوون
لـه تاوی زه رده لیمۆت زه رده ره نگم

مـه قام:

مێشی خاڵت نافڕن بـه س باوه شینی كـه بـه ناز
چونكی پابـه نده بـه شـه دی شـه كـه ری گۆناتـه وه

بـه ستـه:

كش و ماتـه جیهان لـه ژوانی لـه نوێ
گـه لاوێژ بۆمـه ده ڕوانـی لـه سـه ر سوێ
چریكـه ی بولبولێك دێ وا ده زانم
چپـه ی ماچی من و تۆی هاتـه بـه گوێ!

**شیعری: مامۆستا هه ژار**
**ئاوازی: نه جمه ی غوڵامی**



## دووی ڕێبەندان

بیرەوەریی دووی ڕێبـەندان

دەمخاتە سەر بەستە و بەندان

ڕێبـەندانی ڕێنوێنە

لە داگیرکەر سەرشێوێنە

دوژمنی کورد جێی پێ لێژە

با بگێڕین گەڕەلاوێژە

<> <> <>

هۆ هۆ شوانە! بە نەغمەی تەڕ و پاراوت

بە بلوێری لە خەم و دەردا سووتاوت

باروو‌ژێنە گیانی خەوتووی گەزیزەی هەرد

بە سوارۆییێک، بە حەیرانێک، دامرکێنە بڵێسەی دەرد!

<> <> <>

هۆ هۆ جووتێری چەوساوەی خەمان!

خاڵە ڕێبواری خەیاڵت نیشتەجێ بوو، خەمان نەمان

بە ئارەقی نێوچاوانی بەرز و تەرزی کرێکاریت

چناوی هیوا با شین بێ لە کووزی ڕووی دەردەداریت

ئەی کچی جوان! ئەی یەزدانی داوێنپاکی!

دیلانێ بگێڕە، بەسەر چوو دیلی و زەلیلی و خەمناکی

ئەو هەورییەی لە دەوری دارت پێچاوە

لە دەوری دەستت هاڵێنە بە دەم سووڕانی سەماوە

شایی دەگەڕێ لە دێیان

گیان هاتۆتە ئاسۆی گوێیان

دیلانە لە هەموو ماڵان

پیرۆزبایی لە ئاواڵان

<> <> <>

بەو زستانەم دڵ بەهارە

لە هەموو سنووران هاوارە

لە دوژمنان ڕێبەندانە

بۆ کورد وادەی گۆوەندانە

<> <> <>

شایی نەدار و هەژارە

ئەوجار هەژار خۆی سەردارە

مەڵبەند بەهاری تێزاوە

"قازی" مەزن هەروەک کاوە

هێزی کۆمەڵی لە پشتە

هەودای خاوی هیوا گشتە

<> <> <>

قورینگ چلەی زستان دەبڕن

چاویان لە کوردستان دەبڕن

بە پۆل گوڵن لە شەتاوان

دەخەملێنن دەم چۆماوان

بیستوومە لە کۆنەپیاوان

سەرگورشتەی خاوەن ناوان

لە سەخڵەتا خۆشیی دیارن

هەر زۆرە کوژەی زۆردارن

نەزیلەی باپیران وایە

شەو بۆ مێردان وەک قەڵایە.

شەوەی شەو لەشی کوشیبووین

ڕێبەندان ڕێگای تەنیبووین

گیانمان خارا بە دەرد و ئێش

ڕێگای ئازادیین گرتە پێش

پاش چەند ساڵ لە نوور دووریمان

هەڵبوو ئاڵای جەمهووریمان

با بگێڕین زەماوەندێ

با بۆتان بڵێم سەربەندێ

ئەوجا چینی فەلا و کرێکار

قەت ناڵێن خۆزگەمان بە پار

دەریهاویت تۆوی دژی

ڕەنجبەر بژی، بژی، بژی

**سوارەی ئیلخانیزادە**

**ئە م سروودە یە کە م جار لە شاری سنە لە خۆپیشاندانە کانی ئێران و کوردستان تۆماری کردووە.**

## رووناک

مه قام:

هه ی رۆڵه شۆڕش په روه رده که م
هه ی رۆڵه شیرینه که م ((رووناك))
خۆزگه شنه ی بای به یانی
بۆنێکی تۆی ئه هێنا بۆم
خۆزگه ئه تزانی یه کجاری
چه ند به تاسه ی بینینی تۆم
تامه زرۆی هه ناسه ی بۆن خۆشی
به ر بینینی تۆم
چه ند خۆش ده نگت له گوێم دایه
کۆرپه شیرینه که ی دایه
که به زه نگی ده نگی نه رمین
ئه تکووت دایه، دایه ی شیرین
کوانێ بابم کوا له کوێیه
خاڵم له کام شار کام دێیه
نامه یان بۆ هه رگیز نایه
منیش ده مکوت گیانی دایه
بابت له وێ له چیایه
تۆش به و ده سته بیچککولآنه
کاغه زێك کرد به نامه
ئامانه تی نامه ت داپێم
ئه تزانی من بۆ ئێره دێم
جوابی نامه داوا کرد لێم
ئازیزه دڵ خه مینه که م ((رووناك))
رۆڵه شیرینه که م
ئه وه منیش له سه نگه ری ئه وانه وه
له سه نگه ری شۆڕشی کوردستانه وه
یادگاره شیرینه که ی یادی بابت
له جیاتی وان وا خۆم ده نووسمه وه جوابت
نه کا دڵه بچکۆله که ت به دووری دایه ش خه مین بێ
نه کا نه رگسی چاوه کانت لێڵی شه ونمی ئه سرین بێ

خاڵ و بابت پێشمه رگه بوون
به شوێن خۆری به هارا چوون
خۆری گه شی ئاسمانی ڕوون
به هارێ که هه موو مناڵ ده وریان پڕ بێ له باب و خاڵ
نه تۆ، نه ئازاد نه گه لاوێژ، نه خه یاڵ، نه هیچ مناڵ
چاوتان نه شێوێ به ئه سرین
لێوتان پڕ بێ له پێکه نین
یان ده نگی سروود و کایه تان
یان نه غمه ی دایه دایه تان
بچێته ئاسمانی پاك
چاوه راسته که می روناك

به سته:

تاسه م لێت نه شکا ، گیانی شیرینم
وامن رۆیشتم ساکه ی بتبینم
ئه ستێره ی نووری، ئاسمانی ره شی
ئاسۆی رووناکی و، به دیمه ن گه شی
دڵ که یلی شه وقی ئاسۆی گه شی دوور
به بێ کۆ کردن له کۆسپ و سنوور
تا رۆژی ژینێ سه ربه ست و ئازاد
سه ربه ست بتبینم، سه رمه ست و دڵشاد.

**ئاوازی: نه جمه ی غولامی**

**ئه م مه قام و به سته له سه رده می پێشمه رگایه تیدا له به هه می نه ورۆز ساڵی ١٩٨٥ تۆمار کراوه.**

## سرووه

تۆ وه کوو
سروه ی به یانانی به هاری
تۆ لـه
لـه شما
گیانی سووکی نادیاری
بۆ شه وی خۆشی و نه خۆشیم یادگاری
ره مزی ئینتزاری
تۆ جریوه ی دارستانی، جێژوانی
بۆ هه سێره ی به رزی ئاواتم
سریوه ی چه نده جوانی
گیانه که م جاران که ئه تکوت:
پێکه نینت زایڵه ی سه وزی شه تاوه
چاوی شینت گۆمی مه ندی پڕ له ماسی
زه رد و سووری به ر هه تاوه
ئێسته بۆ وا شۆڕه بی برژانگی نه رمت ده وری داوه
بۆچی گه رمایی روانینت نه ماوه ؟!

**شیعری: سواره ئیلخانی زاده**

**ئاوازی: نه جمه ی غولامی**

## سلێمانی


مه قام:

جاران ئه یان وت بووکی شارانه شاری سلێمانی
له گه ڵ سه رچنار باغی به ختیاری، گوژه و په یوانی
ئه و بووکه جوانه ساڵه های ساڵه دیلی خه یاڵه
له که س ته وه للا، زاوا ون کردوو، ژینی لێ تاڵه

به سته:

ئه سمه رێ جوانێ گیانه ئاواته خوازمی
ئاواته خوازی،کۆڕی یارانه
باده بنۆشن، کاتی ئێواران،
کاتی ئێواران بۆ بزه ی یاران
که یلی باده بن،بیلاوێنه وه،
بیلاوێنه وه به به سته ی جوانی
به چه پڵه ڕێزانه ی سلێمانی
گوڵاڵه ژاکاو، ده ستی ناره سه
چه پکه نێرگسی ده ستی کیژۆڵه ی
ده ستی کیژۆڵه ی لادێیه کانی
قرِوقه پ به رزه هاژه ی شه تاوی
هاژه ی شه تاوی به فراوه کانی
گۆزه ڵه ی سووره ئیتر له کانی
ئیتر له کانی نشێوه کانی
گوڵ ئه ستێره گه رهات و رۆژێ
گه ر هات و رۆژێ چوونه سلێمانی
تێر ماچ که ن گۆنه ی سوور هه ڵگه راوی،
سوور هه ڵگه راوی کناچه ی جوانی

**ئاوازی: نه جمه ی غولامی**



**سنه**

سنه ئاواتی لـه مێژینـه کـه م
کـه نیشکی ئازو گوڵـی ژینـه کـه م
دڵدارت وێڵـه لـه شاری نامۆ
ئاخۆ رۆژێ بێ ماچ کـه م گۆنـه ی تۆ
بووك کیژی تارای ره نگ ئـه رخـه وانی
گوڵاڵـه سووره ی ده مـه و بـه یانـی
ئاویـه ر باڵـی بـه رز تووڵـه نـه مامت
کوچکـه ڕه ش سورمـه ی چاوی خۆمارت
سوورمایی گۆنـه ی سوور هـه ڵگـه ڕاوت
فـه ره جـه ڕوومـه ت وه ك خۆره تاوت
((قـه م چنوور)) لـه سای گـه ردنـی بـه رزت
((گریاشان)) بێسان شـه مامـه ی تـه رزت
ئـه مانـه هـه موو سـه یرانگای یار بوو
گڕی دڵداری دایمـه لـه تاو بوو
ئێستـه وا تاسـه لـه دووری باڵات
بۆ ئامانجی بـه رز خوێن ئـه کا خـه ڵات

**شیعری و گۆرانی فۆلکلۆری ناوچه ی سنه له بنه ڕه ت دا نه ورۆزی خوێندوویه تی**

**ئاوازی: نه جمه ی غوڵامی**

# فه ره نجی پۆش

فه ره نجی پۆش كه ڵپۆس له كۆڵ
بۆ تۆ گه ڕاوم دۆڵ به دۆڵ
هه رداوه ردم كرد ده شت وكۆ
نامه ژێر پێ گه ڕام بۆ تۆ
له دارستان له كانی و ئاو
له گشت لا تۆم هاته به رچاو
گرتم شوێنی هه نگاوه كه ت
پرسیم سۆراغی چاوه كه ت
پرسیم له گوڵ له غونچه گوڵ
گژوگیا، مێخه ك و سمڵ
سێلان وسوێسنه و چنوور
له گوڵه شیلانی زه رد و سوور
گرتم سۆراغی بۆنی تۆ
شه یدا بووم كه وتمه شوێنی تۆ
گه رچی نه مدی دڵ هه ر كوێ چوو
دیمه نی تۆی له به رچاو بوو
ده شتی ساراڵ و خوڕ خوڕه
له ناوی پیرۆزت پڕه
چه م شار سنه تا ژاوه رۆ
گشت به داخن بۆ كۆچی تۆ
بێ وه قره م لێم بڕا ئارام
بیستم تۆ نه ماوی به ڵام
چونكوو رێگات رێی خه بات بوو
سه ربه رزی بوو بۆ نه جات بوو
ده بێ بزه بێ له رێوان
به رزین وه كوو لوتكه ی كێوان
كێوانی كوردستانه كه م
جێگای تۆ كاكه جوانه كه م
تۆ نه مردی له ناوی دڵمی
خوێنی هه ناری به كوڵمی
له ده مارما دێیت و ده ڕۆی
هێزی دڵ و گیانم ئه تۆی
هه تاكوو هه م به م دنیاوه
یاده كه ت رووناكی چاوه
ئامانجت ئامانجمه ئارام
رێگات رێگامه دڵنیام.

**(ئه م گۆرانییه له سه رده می پێشمه رگایه تیدا بۆ هاورێ گیان به خت كردووی پێشمه رگه ی كۆمه ڵه (شه هید ئارام) گووتراوه .**

# قژی نه رمت

قژی نـه رمت وه کوو  وتـاری خۆره تـاو
بـه سه ر شان و قۆڵـی سپیت پـه رش و خاو
نـه غمه ی شیرین ئاوازی خۆش لـه ده نگا
ورشه ی سه رم لـه نـاو چاوێکی مه نگا
خاڵێکی کاڵ نـه قشێکی جوان لـه سه ر روو
بـه ژن و باڵت وردیلـه و رێك و هـه ڵچوو
زه رده خـه نـه ی ئـه ڕۆی ئـه و لێوه
فریشتـه یـه هیی ئـه م دڵـه بزێوه
وای لێده کا بێتـه سه ما و گۆرانـی
بلـه رزێنـێ تـه لـی ئاواز و جوانـی
دره ختـه کـه ی سه ر کانیـه کـه ی بـاغی چـه م
پێئـه کـه نـێ گـه ڵای ئـه ڵـێ پڕ بـه ده م
لـه بیرمانـه منـاڵ بووین لـه نـاو بـاخا
زه رده ی ده ممان ئـه یدا بـه پشتـی داخا
تۆ بنوارِه ئـه و کانـی یـه نـازداره
ئێستـاش وێنـه ی هـه ر دووکمانـی تیا دیـاره

**ئاوازی: نه جمه ی غولامی**

## کاک فوئاد

بە دوو چاوی وە ك زرێبار گە رمی گرینە
دە شتی شینی مە ریوانە سە رگە رمی شینە
لە تاڵە سوار دادە بەزن، دوو سواری سوور پۆش
میوانی تۆن((کاك فوئادی)) دڵگە رم و روو خۆش
میوانی تۆن هاتوونە تە وە لە تە ورێزوە
بیانگرە،بیانگرە لە ئامێزە وە
ئە یکە ن بە هێز غە می قورسی رۆڵە کانی تۆ
بە قرمژنی گوللە باران، رووناکە ئاسۆ
لە هە واڵی هە والآن تە ورێزو تاران
چە پك چە پك گوڵیان پێیە، پڕپڕ بە دامان
بیاندوێنە با بۆت بڵێن سروودێکی نوێ
گە ش و ڕوونتر لە و سروودە ی کە بیستووتە دێ
دە ستە دە ستە، لاوانی سە ربە ست و شۆڕشگێڕ
بە رامبە ر جووخە ی ئیعدام بە دە نگی دلێر
ئە گۆڕرێنن، تە خت و بە ختی دوژمن ئە لە رزێ
ئە ڵێن دوژمن راوە ستای بە رامبە ر بە کێ
بە رامبە ر بە ر نووی قورسی شۆڕشی وە ستاوی
دژی شێلاوی باوە ڕ و هێرش هە ستاوی
وا بە یانە بۆیە وایە ئە ی سە ر لە شێواو
ئە ستێرە کان، ئە توێنە وە، بە نووری هە تاو
زە ردە خە نە ی گزینگی خۆر لە زاری لاوان
ئالآی سە ر ئاسۆی بە یانە کاتی تیرباران

مه گری مه گری دایکی شه هید گریان گرانه

رۆڵه کانت سه روی تۆ بوون له و کوردستانه

مه قام:

تۆ به هێزی نامری، مردن له ئاستا کۆیله یه

چونکه گیانی ، دروشمه ، بانگه وازه رێی مه یه.

ئه م سرووده ، بۆ یادی هاوڕێ گیانبه خت کردوو رێبه ری کرێکاران و زه حمه تکێشان سیمایکی ناسراو، یه کێک له دامه زرهێنه رانی کۆمه ڵه ی شۆڕشگێڕی زه حمه تکێشانی کوردستانی ئێران ((کاک فوئادی موسته فا سوڵتانی)) گووتراوه.


ئه م سرووده دووهه م سرووده‌یکه که کاک نه جمه ی غوڵامی بۆ کاک فوادی گووتووه، پێشتریش له ساڵه کانی 1979 . 1960 له شاری سنه سروودی فواد ڕۆڵه ی ئاگری خوێن که شیعری (موسلێم شه یخ السلامی) ناسراو به ڕێبوار تۆماری کردووه.

## کوردستان خۆشە

کوردستان خۆشە خاکی دڵگیرە
چە مە ن فراوان جێگای نە چیرە
زستان کە بڕوا دە خە ملێ کوێستان
دە ژێتە و کانی و چە م و دارستان
کوردستان خۆشە دڵگیرە خاکی دڵگیرە
چە مە ن فراوان جێگای نە چیرە
باغ و باغاتە و هە وارە و هە وار
کە پرە و کە وێڵە و ڕە شماڵە و دە وار
قریوە ی باڵندە و قاسپە قاسپی کە و
جوانی ئە وێنێ ڕۆژ هە تاکوو شە و
کوردستان خۆشە خاکی دڵگیرە
چە مە ن فراوان جێگای نە چیرە
چیاو کوێستان ، سە ختە و گە ردنکە ش
ئاسمانی شینی گرتووتە باوە ش
دە شتی تە ختە و پان، دە ریای سە وزایی
خاڵ خاڵ تیا دیارە شوێنی ئاوایی
کوردستان خۆشە خاکی دڵگیرە
چە مە ن فراوان جێگای نە چیرە
سە رتاسە ر چە م و مێرگ و مە زرایە
بژوێنی کە سك و ئاڵ و واڵایە
رازاوە تە وە کێو و بە ندە نی
تارای نە و بووکە دارو دە وە نی
کوردستان خۆشە خاکی دڵگیرە
چە مە فراوان جێگای نە چیرە

**شیعری: مامۆستا گۆران**

**ئە م گـۆرانی یـە کـاک نـە جمـە بـە شـێوە ی گـە ڕیـانی ناوچـە ی سـنە لـە گـە ڵ هونە رمە ندان ناسری رە زازی ، مە رزیە و کاڵێ لە سە ردە مـی پێشمە رگایە تیدا تۆماری کردووە.**




## گرفتارم به نازی چاوه کانی مه ستت

مه قام:

گرفتارم به نازی چاوه کانی مه ستی فه تتانت

بریندارم به تیری سینه سۆزی نێشی موژگانت

به زوڵف و په رچه م و ئه گریجه کانت غاره تت کردم

دڵێکم بوو ئه ویشت خسته ناو چاهی زه نه خدانت

به قوربان عاشقان ئه مڕۆ هه موو هاتوونه پابوست

منیش هاتووم بفه رموو بمکوژن بمکه ن به قوربانت.

**شیعری: مه ستوره ی ئه رده ڵان**
**ئاوازی: نه جمه ی غوڵامی**

## لاده لاده

مه قام:

له تاو جه ور و زه مانه ی خه م به بێ ده نگی ئه ناڵێنم
له به ر لۆمه له ناو دڵما کوڵی فرمێسك ئه تاسێنم
ئه گه ر شادی نه که ی گیانه دڵه ی په ستم به دڵداری
وه کوو لێزمه ی به هاران خوێن له کانی دیده ئه رژێنم

به سته:

کیژه کورده که ی جوانی سنه یی
بێنه ماچت که م تازه پێگه یی
ئه رێ لاده، په چه ت لاده، بۆم لاده رووبه ند په شمینه
کیژه کوردینه، خوێنت شیرینه ، زه ڕه ت شیرینه
کیژه کورده که ی شاری که رکووکی
بێنه ماچت که م ده ڵێی نه و بووکی
کیژه کورده که ی شاری دیاربه کری
بێنه ماچت که م چه نده به مه کری
کیژه کورده که ی شاری سلێمانی
دانێ ڕانه که ت سه ر بنمه بانی

**ئه م گۆرانی یه له بنه ڕه ت دا حه سه ن زیره ک گووته یه تی کاک نه جمه ی غوڵامی ده سکاری شیعره کانی کردووه.**



**له دوره وه و هاتم**

له  دوره و  هاتم  (گیانه)  فێنکی  دڵه که م
ئه گه ر نه ت بینم (گیانه) کوێره  دیده که م
له دوره و   هاتم    (گیانه) به گوڵی سووره وه
هه ردم بڕیوه  (گیانه) به سنووره وه
گوڵه سووره که ی (گیانه) چیایی کوردستان
پێشکه ش تۆی ئه که م (گیانه)     رۆح و  دڵ و  گیان
له سایه ی  تۆدا   (گیانه)  گوڵه  سووره که م
ئه یگرمه باوه ش    (گیانه)     که سه دوو   ره که م

**ئاوازی: نه جمه ی غولامی**

## مه رجان

گیان مه رجان لێ مه رجان هاتم زه رێ وه ز هاتم

دۆس مه رجان کچ مه رجان هه ی داد جه ماڵ هه ڵاتم

گیان مه رجان له مه رجان لێ هاتم زه رێ وه ز هاتم

گیان مه رجان لێ مه رجان سه رسام بووبای هه نگاوتم

گیان مه رجان لێ مه رجان وه ز هاتم ته ببینم

گیان مه رجان دۆس مه رجان ده س گه رده نێ وه رێنم

گیان مه رجان لێ مه رجان هاتم زه رێ وه ز هاتم

گیان مه رجان لێ مه رجان ته ژماڵ بابێ بڕه وێنم

گیان مه رجان لێ مه رجان ئه ز هاتم ته بناس که م

دۆس مه رجان کچ مه رجان ته بکه وی و به کراس که م

گیان مه رجان لێ مه رجان ئه ز هاتم ته بناس که م

گیان مه رجان لێ مه رجان ته ژماڵ با بێره خاس که م

**ئاوازی: نه جمه ی غوڵامی**




## نه وروز

رۆژ لـه ئاسۆی سوور شه وق ئـه داتـه وه

ده ڵـێ ئـه مساڵیش نـه ورۆز هاتـه وه

سروشت سه ر پاکی جوانـی ئـه نوێنـێ

وه ك بووکی ڕازاو خۆی ئـه خه ملێنـێ

ده شت و کوێستان و لوتکه ی بـه رزی کێو

بزه ی بـه هاریان کـه وتۆتـه سه ر لێو

بـه فری تـواوه ی سه ر شاخـی خـه مبار

ئـه بێ بـه فرمێسك چۆڕ چۆڕ دێتـه خوار

هاژه ی شـه تـاوی بن کوێستانـی بـه رز

گا بـه رز ئـه تلێنـێ کـه ژ دێنێتـه لـه رز

کیژی دارستان لـه هێڵـی چـه ما

بـه مۆسیقای ئـاو دێنـه وه سـه ما

باخ وه رزی شاخ یا مێرگ و چیمـه ن

خشڵـی رازاوه ی بژوێنـی دیمـه ن

سـه وزایـی ده شت و زنجیره ی کوێستـان

تـاریف نـاکرێ جوانـی کوردستـان

کـه وی دڵداری ئـازادی و جوانـی

ده روونـی کـه یلـی سـه وزی گۆرانـی

بـه ری حـه سره تـی دڵ ئـه کاتـه وه

بـانگـی پـه ڕاوپـه ڕ ده نگ ئـه داتـه وه

لـه سـه ر قـه ندیل و شاهۆ و نـه کـه رۆز

ئـه ڵێ گـه لـی کورد نـه ورۆزتـان پیرۆز

**شیعری: ره حیم لوقمانی**

**ئاوازی : نه جمه ی غولامی**



## وه ک چۆله که


وه ك چۆله كه چلاو و چڵ
وه ك په روانه گوڵا وگوڵ
شاره و شاری کوردستان
ئه که م له به ر بۆمباران
دایك و بابم بێكارن
رووت و برسی و هه ژارن
مه دره سه مان رووخاوه
خۆمپاره و بۆمب لێی داوه
جه ژنم کوا نه ورۆزم کوا؟
گۆرانیم کوا، سۆزم کوا؟
شه ڕ هه مووی لێ تێك داوه
ئاخ بۆ برای کوژراوم
دایه ی شیرین بابه گیان
با هاوار که ین به گشتمان
شه ڕ ده س به جێ ته واو بێ
خه یر و خۆشی له ناو بێ
دنیای ئێمه با شاد بێ
دنیا یه کی ئازاد بێ

**ئاوازی: نه جمه ی غولامی**

## هه ڵاڵه وه ره

له نێو کیژانه ته نیا هه ڵاڵه
دڵی خه مینه و له سووچی ماڵه
هه ڵاڵه وه ره ، هه ڵاڵه وه ره
کیژه جوانه که م سارێ هه ڵپه ره
ئاخر دیاری یاری بێ وه فای
ده سته ی چنووره ماوه ته وه لای
هه ڵاڵه وه ره ، هه ڵاڵه وه ره
کیژه جوانه که م ساتێ هه ڵپه ره
هه ڵاڵه ده ڕوا بع خه یاڵی دوور
ئه ڕوانێ جار جار بۆ چه پکه ی چنوور
هه ڵاڵه وه ره ، هه ڵاڵه وه ره
کیژه جوانه که م ساتێ هه ڵپه ره
دڵم گوڵێ بوو، بۆچیت هه ڵوه راند
بۆچی ئاوێنه ی ئه وینت شکاند
هه ڵاڵه وه ره ، هه ڵاڵه وه ره
کیژه جوانه که م ساتێ هه ڵپه ره
جار جارێ فرمێسك له چاوی سوورا
ئه بارێنه سه ر چه پکه ی چنورا
هه ڵاڵه وه ره ، هه ڵاڵه وه ره
کئژه جوانه که م ساتێ هه ڵپه ره
تۆ ده وڵه مه ند و من کیژی نه دار
به غه یری وه فا چی هه یه هه ژار
هه ڵاڵه وه ره ، هه ڵاڵه وه ره
کیژه جوانه که م ساتێ هه ڵپه ره
سوێندم به سۆزی دڵه ی ئه سیرم
تا ساتێ ماوم هه رواى له بیرم
هه ڵاڵه وه ره ،.....................

**شیعری: مامۆستا شه ریف**
**ئاوازی: نه جمه غوڵامی**



## هه ی ژین ، هه ی ژین

من ئـه و کـه سـه م هـه موو رۆژێ
هـه ی ژین هـه ی ژین
ژیانـی ئـه مرۆم ئـه فرۆشم
بۆ کڕینـی نـانـی سبـه ی
ئـه مرۆش دیسان هاتوومـه ده ر
هـه ی ژین هـه ی ژین
ژیانـی ئـه مرۆم ئـه فرۆشم
بۆ کڕینـی نـانـی سبـه ی
لێم ناکرێ خاوه نـی
نـان لێم ناکڕێ
هاناێییکم په نگاوه تـه بین و گـه رووم
هـه ی داد ... هـه ی بێداد
لـه بازاڕه بێ رۆحمـه دا
ژیان هـه رزانتره لـه نـان

ئه م شیعره موسلێمی شێخ السلامی (رێبوار) لـه زمـانی فـه رانسی وه ریگێڕاوه سـه ر زمـانی کـوردی ، یـه کـه م جـار (ره زا بچکـۆل) لـه نـاو کـۆڕی بانگـه وازی کۆمـه ڵـه خوێندوویه تی. دواتربه ده نگی کاک نه جمه گووتراوه.

# ڕه وه ز

من ڕه وه زی دابانێکم، هیچ بورکانێ نامسووتێنێ
حیله ی ئه سپی شۆڕشێکم،قه ده ر مێژووم ناگلێنێ
ده مم کڵپه ی ڕاپه رین و، هه نگاویشم وه رزی پێ شه نگ
دڵم ڕاوگه ی ژانی گه ل و سه رم ژوانی وریایی و زه نگ
با ئه نفالێش زه ریات تووڕه، من قه یاغم نوقم نابێ
با کۆ ڕه ویش ڕه وی زه مان، من ئاڵاکه م نه وی نابێ
ده ئه ی سه رۆك ئه ی ڕابه ران، خه می گه لمان بێ شێوه یه
پیره که رکووك له بیر مه که ن ، ئه ویش هیوای هه ر ئێوه یه
نووکی قه ڵه م له سه ر په ڕه ی داخوازیتان داچه قێنن
له سه ر بستێ له کوردستان، ڕامه مێنن دامه مێنن
له به ر تافی بێ ده نگیا، تافی خوێنتان له به ر چاو بێ
گۆڕی کۆمه ڵ دوا زریکه ی ئه و هۆزه تان هه ر له گوێ بێ
ده خیلتان بم له به هاری ، ڕاپه رسیدا ده نگتان هه بێ
له پێشانگای ئه م هه ڵه دا، ئێوه چه مێ ڕه نگتان هه بێ
با نیرگیزی ئه م نه ورۆزه ش، گردی یاره شین کاته وه
تا ڕۆژێ دێ ژیان گره و، له مردنیش ده باته وه

**شیعری: ئیسمایل خۆرماڵی**

**ئاوازی: نه جمه ی غوڵامی**




## هه رای جه نگ

ئه وا دیسان هه رای جه نگه و کوردستانم روو له خوێنه

دیسان خوێنه و دڵه ی سروشت، دڵه ی مه خلووق روو له شینه

ئه مان خاتر، چاوم نه زری نیشتمان بێ و گوڵێك نه مرێ

سه رم نه زری ئازادی بێ و دڵێك له وێ دانه چڵه كێ

***

ده ساكوو گه ل! عاشقه كانی كه ژو زه نوێ! وه رتان بێ

ئێوه شاخی وره و هه ڵوێست شوورای به رزی وره تان بێ

با دووباره گه لاڵای خوێن هه ردی ژیان نه گرێته كۆڵ

گه رده لوولی له زوڵم و زۆر دیسان چاومان نه گرێته خۆڵ

***

با دووباره( قشڵه ی) سه حرا ماسی یه دێمان ئه نفاڵ نه کا

له به ر دێیا لووله ی تفه نگ ، دوایین گولله ی به تاڵ نه کا

رێگه نه ده ن هه رێمی گوڵ به هه رێمی خوێناو به رن

قاسپه و ده نگی رۆژنامه کان به تالانی سووتاو به رن

***

رێگه نه ده ن ئه رخه وانی خه ونی شه هید ته رزه بیبا

ئاسووده گی ئینسانه کان جارێکی تر بێگومان بیبا

ده ستم داوێن وه خۆ که ون با هیچ مارێ نه تانگه زێ

هه ر هه مووماندن له گه ڵتانین وه رتان هیچ دانه به زێ

.........................................................................

قشڵه: سه ربازخانه

**شیعری: ئیسمایل خۆرماڵی**

**ئاوازی: نه جمه ی غولامی**

.........................................................................

**له کۆتایی دا پڕ به دڵ سپاسی شاعیری خۆشه ویست کاک ئیسمایلی خۆرماڵی ده که م که دوو شیعری خۆی بۆ ناردووم .**

**هیوادارم خوێنه رانی ئازیز و هه روه ها ئه ویندارانی ده نگه به سۆزه که ی هونه رمه ندی خۆشه ویست کاک (نه جمه ی غولامی) ئه م نووسینه ی منیان به دڵ بێ.**

س- ح له سنه .

Sadeq_1357@yahoo.com